# پڕو پاگەندەو ریکلامی سیاسی
# هەڵبژاردن و کاراکتەری سیاسی کورد

**و: هاوژینی مەلا ئەمین**

پێشەکی دڵنیام هەمووان سەبارەت بە گرنگی ئەم بابەتە و پرسەکانیشی کۆکن، بەتایبەت لەوێدا کە ئەم باسە فیکری و زانستیانە ئەنجامگیریی خۆیان تەنها لە قسەو باسێکدا کۆتایی پێناهێنن و بەڵکو هەوڵدەدەن ئەم ئەنجامگیریانە راسپاردە بکەن و پێشکەش بە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان بکرێت.

هەر لێرەوە بە بڕوای من پێویستە ئەم بابەتانە ئاراستەیەکی رەخنەیی بنیاتنەر وەربگرن، لایەنە پۆزەتیڤەکانی ئەم هەڵبژاردنە نوێیە فەرامۆش نەکەن ، بەڵام نەک بەشان و باڵیدا بەیت و بالۆرە بخوێنین ، بەڵکو

باسکردنیان تەنها بە مەبەستی سود لێوەرگرتن و چەسپاندنیان بێت، هەروەها سەبارەت بەلایەنە نێگەتیڤ و خراپەکانیشی. من باوەڕم وایە کە هەندێ جار رەخنە هەژێنەر و راچلەکێنەر بێت و یەخەی رەخنەلێگیراوەکان بەتوندی بگرێت بەو مەرجە نەگاتە ناپەسەندی و سوکایەتی پێکردن و لەئاستی پێویستی خۆیدا بوەستی بەڵگەی پەرۆشی و دڵسۆزییە و دەبێت ڕێزی لێبگرین.

بیرکردنەوەی نووسەر لەم باسەدا دەربارەی رەخنەی بونیاتنەر بەگشتی لەم جوغز و چوارچێوەیەدایە و هەوڵەکەش ئەوەیە کە لە برگە و پەیجەکانی ئەم باسەدا، دوای پێشەکیەکی زانستی کورت کە بە پێویستی دەزانم لەبارەی دیموکراسی و هەڵبژاردن و راگەیاندن و پەیوەندیی سیاسی، بچینە سەر هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەیەکی باش بۆ هەندێ لە ئاماژە عەقڵی و سیاسییەکانی پرۆسەیەک لەنێو هەڵبژاردندا، کە پرۆسەی ریکلام و پروپاگەندەی سیاسیە بۆ هەڵبژاردن.

لێرەدا نووسەر پتر لەسەر ئەزموونی سیاسی کوردستان باسەکە دەکات ئەویش لە سێ گروپبەندیی گشتیدا پارتی و یەکێتی، حیزبۆکە و لیستۆکە عەلمانیەکانی دیکە کە لەم ئەزموون و دۆخە هەستیارەی ئەمڕۆماندا شەرمنانە خۆیان وەک ئەلتەر ناتیڤ نمایش دەکرد، هەروەها ئیسلامیەکانی کوردستان.

پاساوی ئەم گروپبەندیە جگە لە کورت بڕی سێ چەمکی سەرەکییە:

**یەکەم:** پارتی و یەکێتی وەک دوو حیزبی دەسەڵاتدار کە سەرباری بەشداربوونیان لە هەڵبژاردندا بە ئەندازەیەکی زۆر دەسەڵاتی حکومی و ماددی و مەعنەوی خۆیان بە سەنگێکی زۆرەوە وەک فشار هێنا بوویەوە نێو پرۆسەی هەڵبژاردن و جگە لە رێکەوتنی نێوانیان ئەم دەسەڵاتداریەیان کاریگەریی زۆری لەسەر ئاکامەکان و چۆنیەتی بەڕێوەچوون و پرۆسەی هەڵبژاردن هەبوو.

**دووەم:** حیزبۆکە ولیستۆکە عەلمانیەکانی دیکە، ئەگەرچی لەخۆ پێشنیارکردنیاندا وەک

ئەلتەرناتیڤی دوو حیزبی دەسەلاَتدار، لەگەڵ ئیسلامیەکان یەکدەگرنەوە و لەم چەمکەدا کۆدەبنەوە ، بەلاَم پاساوی ئەم باسە بۆ جیاکردنەوەیان برێک لەنێو هەردوو چەمکی عەلمانی و ئەلتەرناتیڤبوون خۆیدایە .

**سێیەم:** ئیسلامییەکان. راستە یەکگرتووی ئیسلامی دەم لە میانرەوی دەکوتێت و ئەمەش تا ئەندازەیەکی باش لە پراکتیک و کاری سیاسیاندا تا هەنووکە رەنگدانەوەی هەیە ، یەکێک لە رەنگدانەوەکانیشی بەشداری کردنیان بوو لە هەردوو لیستی عێراق و پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ پارتی و یەکێتی بەلاَم نابێت ئەوە فەرامۆش بکەین کە ئەم بەشدارییە چۆن بەشداریەک بوو؟ لە ئەنجامدا چۆن کەوتەوە و هەر لێرەوە وەک گەمەیەکی سیاسی دەتوانین سەیری بکەین یان دەبێت چۆن بیخوێنینەوە ؟ کەواتە ئەم پۆلبەندیە لەم گریمانەیەوە هاتووە کە دوو حیزبی دەسەلاَتدار و دوو جۆر ئۆپۆزسیۆنی ئەم دوو حیزبەمان هەیە پارتی و یەکێتی، حیزبۆکە و لیستۆکە عەلمانیەکانی دیکە و ئیسلامیەکان.

پاشان ئەم باسە تایبەتە بۆ گوزەرێکی هەندێ خێرا و خوێندنەوەیەکی گشتیی پروپاگەندە و ریکلامەکانی ئەم سێ گروپە لەسەر دوو ئاستی گشتیی و گرنگ:

**یەکەم:** کاراکتەری سیاسی و تایبەتمەندیەکانی پروپاگەندە و ریکلامەکانیان، چەند و چۆنێتی کاریگەریان لەسەر دەنگدان .

**دووەم:** ئەو ئاماژە سیاسی و کۆمەلاَیەتیانەی لە ریکلام و پروپاگەندەکان وەریاندەگرین کە تا ئەندازەیەکی زۆر ئاماژە بە ئایدۆلۆجی بوون، رابردوو پەرستی ، بێ بەرنامە و بێ پرۆژەیی و چەندین چەمک و مانای خراپی دیکە دەکەن و باس لە هەژاری و بێتوانایی سیاسی و ئیداری و نەبوونی لە ئاستی پێویستدا دەکەن و لەم رووەوە تا ئەندازەیەکی زۆر لێکچونێکی ترسناک هەیە.

بەهەر حال ئەمانە بەشێک لە بەرئەنجامەکانی ئەم باسە دەبن و هەوڵدەدەین لەم چوارچێوەیەدا و لەوبارەیەوە باسێکی کورت پێشکەش بکەین. دەبێ ئاماژە بەوەش بدەم

کەمی سەرچاوەکانی ئەم باسە زیاتر پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە ئێمە بە باگگراوندی ڕۆشنبیریی خۆمان، هەولماندا وە ڕاستەوخۆ گوزەرێک بە نێو بابەتەکەماندا بکەین و بینەر و بیسەر و پاشان خوێنەری ریکلام و پڕوپاگەندەکان بین و ئێمە لێرەدا خۆمان نموونەیەکی زیندووی بەرکەوتنێکی ئاگاو وشیارانەین لەگەڵ ریکلام و پڕوپاگەندەکانی ئەم هەڵبژاردنەدا و لە هەرکەس زیاتر لە بەریەککەوتنداین لەگەڵیاندا و هەر ئەمەشە پاساوی بنەڕەتیی زانستی بوونی ئەم نووسینە.

گەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی بابەتیانە بتوانێت لە ڕووی دەرەکییەوە زانیاریی تۆکمەترو ژمێریارانە و خەملێندن و پێوانەیی باشترمان پێشکەش بکات، ئەم باس و خوێندنەوەیە کە باس و خوێندنەوەیەکی فینۆمینۆلۆجیە لە توانایدایە قولترو بەرفراوانتر لەگەڵ بابەتەکەی خۆیدا بمانبات و لە ئاستی دەستەواژە و رستەو دەربڕینەکاندا نەوەستێتەوە و لەوە زیاتر مانا هەنووکەییەکانیان و مانا قولەکانیان لە سیاقی جیاجیایاندا بخوێنێتەوە و ببینێت.

رونتر مەبەستم ئەوەیە کە دەکرا لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بابەتی و بە میتۆدی فێرکاریی و قوتابخانەییم پێشکەش بکردایە و بەپشت بەستن بە کۆمەڵێکی زۆر سەرچاوە باس لەوە بکەین کە پڕوپاگەندەو ریکلام دەبێت چۆن بێت یاخود دەبوو چۆن بایە . لەگەڵ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی لەم بابەتە بێگومان سودو بایەخی خۆی هەیە، بەڵام ئێمە ئەم ئاراستەیەمان هەڵنەبژاردووە بەڵکو ڕاستەخۆ خوێندنەوەی خۆمان پێشکەش دەکەین و وەک کەسێکی بانگێشت کراو ، داوالێکراو ، ئامادە لە نێو گوتار و مەبەستەکان و ئاماژەکانی ئەو پڕوپاگەندە و ریکلامانەدا، کە ئێمە خۆمان یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی چاکی و خراپی و سەرکەوتن و سەرنەکەوتنیان پێشکەش دەکەین و دەیخەینە ڕوو، باس لەوە دەکەین کە چۆن لە تاودان و بانگەشە و هەڵنان و پڕوپاگەندە و ریکلامەکانی هەڵبژاردن تیدەگەیشتین.

# هەڵبژاردن نەریتێکی دیموکراتییە

ڕاستیەک کە لە نوکتە دەچێت ئەوەیە ، دیموکراسی بەبێ هەڵبژاردن ناکرێت بەڵام هەڵبژاردن بەبێ دیموکراسی دەکرێت و ئاسانتریشە و سەریشی سوکترە و مەسرەفیش کەمترە و سەر یەشەشی لەگەڵ نییە، دڵی هیچ حیزب و گرویەکی سیاسی لە لێدان ناخات و هیچ سەرکردەیەک، سەرۆکی کۆمار، سەرۆکی حکومەت سەعات ناکات. سەددام حوسێن ، خوا لە زینداندا بیهێڵێتەوە ، یەکێک لە ئەندازیارە کارامەکانی ئەم مۆدێلە هەزەلی و نادیموکراتیانە بوو، لە هەڵبژاردن. پەتی دەبڕی، ڕەقەمی قیاسی دەشکاند ، هەرقلێکی مەزن بوو کەس شانی لەشان نەدەخشاند .

خنکاندنی دیموکراسیەت، لە نێو مەراسیم و نمایشەکانی هەڵبژاردندا ئەو مەترسی و کارەساتە گەورەیەیە کەهەمیشە لە بەردەم پرۆسەی دیموکراسیدا ئامادەیی هەیە، و یەکێک لە ئەگەرەکانی پوچەڵ و بێ مانا کردنیەتی.

هەڵبژاردن نەریتێکی دیموکراتیە، ئەم ناولێنانە لێرەدا مانای قوڵ و هەندێ جار ئاقاری ترسناکی خۆشی هەیە، هەر بۆیە پێویستە ئێمە هەمیشە هەڵبژاردن بە دیموکراسی شەنوکەو بکەین نەک بە پێچەوانەوە، پێویستە لە دیموکراسیدا هەڵبژاردن ببینینەوە نەک بە پێچەوانەوە پێوستە دیموکراسیەت فێری هەڵبژاردنمان بکات نەک بە پێچەوانەوە، هەر بۆیە هەڵبژاردنێکی تەندروست و خاوێن دەرهاویشتە و بەرئەنجامێکی دیموکراسیە، نەک بە پێچەوانەوە. دیموکراسی زۆربە چڕی و لە هەناوی خۆیدا، ناوک و کرۆکەکەی بریتییە لە عەقدێک، کە هەرکات هەڵبژاردنیش کەوتە دەرەوەی ئەم مانایە ئیدی هیچ بایەخێک و مانایەک و پەیوەندیەکی بە دیموکراسیەوە نامێنێت.

هەر لە یۆنانی کۆنەوە تا ئێستا، بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ فەرمان ڕەوایەتی و خواستی هەمووان و پرس و ڕاو هەڵبژاردن هاوڕێی هەموو سیستمێکی دیموکراسی بووە، لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانانەی بەسەر ڕێژەی دەنگدەران و شێوازەکان و مافەکانی

بەشداربواندا هاتووە ئەم بنەمایە، بە قولی و قورسایی خۆی هاتووە و ماوەتەوە. بە زۆر ئاقاردا ئەتوانین لە هەڵبژاردن تێ بگەین و لە بارەیەوە قسەوباس بکەین، بەڵام ئەوەی کە لێرەدا زۆر گرنگە پەیوەندیی نێوان ئەم بنەماو پرنسیپەو دیموکراسیە و هەر لێرەشەوە پەیوەندی نێوان دیموکراسی و قبوڵکردنی ئەوی تر ، بەڵکو پەیوەندی نێوان دیموکراسی و ریسکە (موجازەفە).

بەقاڵێک ، لەبەر دەم دوکانەکەیدا دارێکی لە قوڕ چەقاندووە و لەتە کارتۆنێکی بە بزمار پیادا داکوتیوە و لەسەری نووسیوە:

(هەڵبژێرە، بەهەڵبژاردن ...!) ،لەگەڵ ئەوەی هیچ ئەتەکیەتێک لەم ریکلامە کۆمیدیەدا ڕەچاونەکراوە بەڵام کڕیار و دوکانداریش دەخاتە بەردەم عەقدێک، دەیانخاتە بەردەم کۆمەڵێک بەرپرسیارێتی و پابەندیەوە گرنگترینیان مافی کڕیارە لەدەستێوەردان و تاوتوێ کردن و جیاکردنەوەو دەست نیشان کردندا بەخواست و ویستی خۆی کە هەر ئەمەیە دواتر دەبێتە سەرچاوەی پابەندییەکانی دیکەی ئەم کڕیارە. واتە کڕیار لە ڕێگەی وەرگرتنی مافێکەوە تێکەل بەم عەقد و پەیمانە دەبێت و لەم قۆناغەیدا فرۆشیار هیچ جۆرە مافێکی زەوت کردن و دەستێوەردانی نییە هەر جۆرە فشارێک لەلایەن ئەوەوە بۆ سەر کڕیار دەبێتە هۆی ئەوەی کە ریکلامە هەزەلیەکەی هیچ مانایەکی تێدا نەمێنێت و هەموو پیرۆزییەکی ڕەمزیی خۆی لەدەست بدات و تەنها تەختەو کارتۆن و بزمار و قوڕ بمێنێتەوە. لایەنێکی گرنکی تری ئەم مەحەکە، لەم پرۆسەیەدا ئەوەیە کە ماف و بەرپرسیارێتی و ئەرکەکانی، ئیدی نەکڕیار و نەفرۆشیار خاوەنداریەتی ناکەن و نابەخشن و نا یسەپێنن بەڵکو مەحەک و پرۆسەیەک هەیە کە هەر دووکیان لە سایەیدا و هەر یەک بەجێی خۆی یەکسان دەبنەوە و ئەوەی بەرهەم دێت ئەنجامی ئەم مەحەکە و ئەم عەقد و ڕێککەوتنەیە و هەر بەم مانایەیە کە دیموکراسی ناسەپێنرێ و نابەخشرێ و هەر بەم مانایەیە کە دیموکراسی ریسکە، قومارێکە ئەتەکیات و زەمینەو مێزی خۆی هەیە و دەبێت حورمەتی لێبگرین و

بەبێ باوەڕهێنان بە دۆڕاندن، وەک حەقیقەتێکی ڕەها لە ناواخنی دا پرۆسێس ناکرێت . ئاخر گەر دۆڕاندن نەبێت، بردنەوەش نییە و ئەوەی دەکرێت گەمەیە نەک قومار!

هەر لێرەوەیە کە جیابوونەوە و سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و چاودێری مانای گرنگی خۆی وەردەگرێ و شتێک بەناوی، بردنەوە بەهەر نرخێک، یا بردنەوە یان قبول نەکردن و شێواندن، گرنتی کردنی بەردنەوە ئەوجا هەڵبژاردن، مانای نامێنێت و جێگای نابێتەوە.

تەنها گرنتی و دڵدانەوەیەک لەم پرۆسەیەدا ئەوەیە کەبەردەوامە و نە دۆڕان، نە بردنەوە تاسەر نین و عومری درێژی گێمەکان قەرنێک نیە!!..

گەر ئەمە بنەمای سەرەکی و بنەڕەتی، هەڵبژاردن و دیموکراسی بێت، گەر وشیاریی دیموکراسی و ئاکار و ڕەفتاری دیموکراسی و ئەگەری بەرپابوون و بەردەوام بوونی لە دەوری ئەم چەمکە بنەڕەتییانە بگەڕێت ئەم پێشەکییەی یەکەم بۆ ئەوەیە کە دواجار بزانین تا چەند ئەم بڕوا و ئاکار و ڕەفتارە، تا چەند ئەم باوەڕ و قەناعەتە لە پروپاگەندە و ریکلامەکانی هەڵبژاردندا ڕەنگیان داوەتەوە و تا چەند لایەنە بەشدار بووەکان لەم بڕوایەوەو بەم عەقڵیەتەوە چوونەتە نێو پرۆسەکەوە و پروپاگەندە و ریکلامیان بۆ خۆیان کردووە.

گوناهبارێک دەچێتە کڵێسا ، غەمگین و چاو بەگریان، و هەرواش دێتە دەرەوە!! ئیدی ئێمە هەقمانە بپرسین: ئایا خوای بەخشندە چیتر لەکەس نابورێت یاخود ئەم بابایە بڕوا و متمانەی بە کڵێسا نییە؟!

ئەوانەی تەنها بۆ بردنەوە خۆیان دەپاڵێون، بەهەمان شێوەی ئەوانەی بۆدۆڕان خۆیان دەدەپێون هەدوو لا گەمەدەکەن نەک قومار هەردوولا هێزی ڕاستەقینەی دیموکراسی نین و نە ریسک دەکەن نە شۆک دەبن، نە تام و چێژی دیموکراسی دەزانن نە بەنیازن جارێکی تر ئەم گەمە گران و پڕ مەسرەف و بێ هودەیە خۆبەخۆ دووبارە بکەنەوە.

## راگەیاندن و ریکلام و پڕوپاگەندەی سیاسی

ئەگەرچی زۆر ئاڵۆزو ئەستەمە بتوانین ڕەگ و ریشەکانی هۆکارەکان و هەموو هەڵومەرجەکان دەستنیشان بکەین، هەروەها ناکرێت هەموو تاوانەکەش بخەینە ئەستۆی هەردوو لایەنی سیاسی دەسەڵاتدار لە کوردستان بە تەنها و، هیچ باسێک لەم رووەوە بابەتی ئەم نووسینە نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا شتێکی زۆر بنەڕەتی کە پێویستە باس بکرێت و لەم رووەوە پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە دیموکراسی و راگەیاندن و هەڵبژاردنەوە هەیە ئەوەیە کە سیستمی راگەیاندن لە کوردستاندا بە ئەندازەیەکی زۆر سیستمێکی نزیک لە سیستمە تۆتالیتاریەکانە و سەرباری ئەوەی کە هێشتا بڕینێکی زۆر رێگری و یاسا و رێوڕەسمی سیستمە تۆتالیتاریەکان هەر ماوە، کەڵەکەبوونی سەرمایە و ئابووری لەدەستی هەردوو لایەنی سیاسی دەسەڵاتداردا بەتایبەتی و حیزبە سیاسیەکانی دیکەدا بەگشتی و بە ئەندازەی جیاجیا بۆتە هۆی ئەوەی کەلە ئایندەیەکی نزیکیشدا ئێمە چاوەڕوانی ئەوە نەبین کە سیستمێکی دیموکراسی راگەیاندن لە کوردستاندا بچەسپێت، بەجۆرێک کە هەردوو پرەنسیبی کۆمەڵگای بازاڕ (Market society) و پرەنسیپی بەشداریی (Participation) بیبات بەرێوە و مافی چاودێری وەرگرتنی زانیاری و مافە دیموکراسیەکانی دیکەی بواری ئاگاداری و پەیوەندی و بەشداری سیاسی بەتەواوەتی بچەسپێت[١] چونکە بەپێی چەندین لێکۆڵینەوەی دەروونی و کۆمەڵایەتیی، لێکۆڵینەوەی راگەیاندنیش، پەیوەندیەکی توندوتۆڵ لە نێوان ریکلام و پڕوپاگەندە و بەشداری و هەڵبژاردنی خەڵکدا هەیە و لە دنیای ئێستادا ئەوە یەکلایی بوەتەوە کە تەنانەت کالآیەکی کەم نرخ و بایەخیش پێویستی بە ریکلام و پڕوپاگەندە هەیە.

نەک هەر ئەوەندە بەڵکو چەند لێکۆڵینەوەیەک ئەوەیان دەرخستووە کە پەیوەندیەکی متمانە و شوێن کەوتن لە نێوان بینەر و ئەو کەناڵانەدا هەیە کە نورماڵ دەیانبینێت یاخود زیاتر لە کەناڵێکی دیکە و بەردەوام رادێت بەسەیرکردنیان. واتە گەر تۆ بینەری کەناڵێک بیت ئەگەری ئەوە زیاترە کە دەنگ بەو دە پاڵێوراوە بدەیت کە لەو کەناڵەوە ریکلام و

پڕۆپاگەندەی بۆدەکرێت و دەرکەوتنی ریکلام و پڕوپاگەندە لەو کەناڵەوە کە تۆ راهاتووی لەگەڵیدا و پەسەندە بەلاتەوە دەبێتە هۆی ئەوەی ریکلام بۆ کراوەکەش پەسەند بکەیت. چونکە ئەمەش جۆرێک لە هەژمون بەسەر وەرگرەوە دروست دەکات کە وورده وورده خۆی لەگەڵیدا دەگونجێنێت. کە ئەمە بەجۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندی بەو کاریگەریە فکری و عەقڵی و ئایدۆلۆجیانەوە هەیە کە لەماوەی دروست بوونی پەیوەندیدا لەگەڵ ئەو وەرگرە، ئەو هۆکارەی راگەیاندن -TV- ئێزگە - رۆژنامە و گۆڤار - دایناوە هەروەها پەیوەندی بەو پەیوەندیە عەقڵی دەروونیە سۆزداریەوە هەیە، کە ئەو هۆکارە لەگەڵ وەرگر دروستی دەکات بەوەی کە هەندێ لە خواستە عەقڵی و دەروونیەکانی تێر دەکات و بەدەنگیانەوە دەچێت.

بەهەرحاڵ ئەگەرچی تەلەفزیۆنەکان ئێستا لە دنیادا رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پروپاگەندەکانی هەڵبژاردندا بەڵام لەبەر نەبوونی کەناڵی تەلەفزیۆنی سەربەخۆ و ئەهلی لە کوردستاندا وەک هەموان دەزانین تەلەفزیۆنەکانی ئێمە راستەوخۆ رۆڵی خاوەنە سیاسیەکانی خۆیان بەرجەستە دەکرد و بەتەواوەتی شەکەت درابوون. بەخواستەکانی ئەو لایەنە سیاسیانەوە کە خاوەنداریان دەکەن کە ئەمە تا ئەندازەیەکی زۆر لە رۆڵی چاوەڕوان نەکراوو کاریگەریان کەم دەکاتەوە چونکە وەرگر پێش وەخت لە جۆری ئەو رۆڵە ئاگادارە و ئاشنابووە لەگەڵیدا و دەزانێت لەو تەلەفزیۆنەوە پروپاگەندە بۆچ لیست و لایەنێک دەکرێت سەرچاوە زانستیەکان لە بارەی راگەیاندن و پڕوپاگەندەی سیاسی و لەم بوارانەدا زۆرن و زانیاری بەهێزیان تێدایە دەربارەی پێناسە و شێوازەکان و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەم پرۆسەیە. بەڵام لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە پەیوەندی بە رووی تەکنیکی و زانستی راگەیاندنەوە و پەیوەندی بەم هونەرەوە نییە و زیاتر خوێندنەوەیەکی رەخنەییە بۆ گوتاری سیاسی و سروشتی سیاسی ئەم پرۆسەیە لەم هەڵبژاردنەی ئەم ساڵدا دەمانەوێت دەربارەی ئاماژە سیاسیەکانی و ئاکام و بەرئەنجامەکانی قسە و باس بکەین، هەر بۆیە ناچینە ناو ئەو بابەتە تەکنیکی و تایبەتانە بە راگەیاندن. تەنها ئەوەندەی پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە جەوهەری پێناسەکان لەم بوارەدا ئەوەیە کە: پروپاگەندە و ریکلام و

ڕاگەیاندن بریتیە لە هەموو هۆکارەکانی پەیوەندی کردن بە هاوڵاتی و وەرگری سیاسیەوە، بەسود وەرگرتن لەو ووشیارکردنەوە عەقلی و وروژاندنی سۆز و دەوڵەمەند کردنەی بە زانیاری، لە ڕێگەیانەوە دەزگایەک، یان گروپێک یان کەسێک هەوڵدەدات کاریگەریی لەسەر وەرگر دابنێت و هەڵویستی بەرامبەر بە کەسێک یان مەسەلەیەک بگۆڕێت یاخود وەک خۆی بیهێڵێتەوە و پارێزگاری لەو بیرو تێڕوانینەو لەو لایەنگیریە بکات کە کەسەکە خۆی - وەرگرەکە- هەیەتی.

هەروەها لەم بوارەدا سێ ڕێبازی سەرەکی هەیە، کە هەریەکەیان جەخت لەسەر گرنگی لایەنێک لەو لایەنانە دەکەن یان لایەنی سۆز و وروژاندن، یان لایەنی ووشیارکردنەوە و زانیاری پێدان دەربارەی ئەو کەس و بابەتە سیاسیە، یان لایەنی ڕاپرسی و بەردەوام زانیاری خێرا بەخشین لەسەر ئەو کەس و بابەت و پرۆسەیە، هەروەها قسەو باس و لێکۆڵینەوەی زانستی زۆر کراوە دەربارەی شێوازەکانی پەیوەندی و پڕوپاگەندەی سیاسی و مەرجەکانی ئەم جۆرە چالاکی و بانگەشانە کە لەگەڵ ئەوەی لە چوارچێوەی کاری گشتی و مانای گشتی ڕاگەیاندندان بەڵام تایبەتمەندی و مەرج و شێوازی خۆشیان هەیە و سەدان دام و دەزگای ڕاوێژکاری و پسپۆڕ لەداڕشتنیدا و لە جێبەجێ کردنیدا بەشداری دەکەن بەتایبەت لە پرۆسەکانی هەڵبژاردندا.(٢)

مەبەستی بنەڕەتی ئێمە لەم پێشەکیەی دووەم، جگە لەوەی کە بە ئاماژەیەکی زانستی بە بوارەکە دەست پێ بکەین، ئەوەیە کە ڕەخنە و تێبینیەکانمان چوارچێوە هونەریە بەر تەسکەکەی ئەم بابەت و بوارە تێدەپەڕێنێ، سەرنجەکانی ئێمە لەوەوە نییە کە ئاوڕمان لەم لایەنە نەدابێتەوە و پشتگوێمان خستبێت، هەروەها بەو مانایە نییە لە گرنگی ئەم لایەنە کەم بکەینەوە بەڵکو ئەم ئاقارە تەواو بواری باس و لێهاتوویی و پسپۆڕیەکی دیکەیە. لە ڕاستیشدا لەم ڕووەوە کەموکوریەکی گشتی، و ململانێیەکی زۆری سیاسی - مەبەستم قەرەباڵغی و زۆری لیستەکانە- هەروەها ئەم سیستمی ژمارەیە - ژمارەی لیستەکان- کە پەیرەو دەکرا، هەروەها نزمی ئاستی خوێندەواری نەبوونی ژێرخانی مەدەنی و تەنانەت ئابووری و تەکنیکی لە ئاستێکی باشدا هەموو ئەمانە کاریگەریی زۆریان هەبوو لەسەر

ئەم پرۆژەیە چ لەرووی چەندایەتی و چ لەرووی چۆنایەتییەوە، هەروەها کاریگەریان هەبوو لەسەر رێژەی دەنگەکان بەشێواز و چۆنیەتی جیاجیا، بەڵام وەک ئاماژەمان پێدان ئەمانە بواری دیکەن کە پێویستە لێکۆڵینەوەی دیکەیان لە بارەوە بکرێت و رێوشوێنی دیکە بۆ دووبارە نەبوونەوەیان بگیرێتە بەر. (٣)

## ریکلام تەنها بەڕەنگ جیاوازە

راگەیاندن و پروپاگەندە و ریکلام، دەمرێت، ئەوکاتەی هەموو سەنگ و قورسایی خۆی لە رابردوو، لە کۆمەڵێک مۆرک و دۆگماکانی حیزبی و ئایدۆلۆجی وەردەگرێت و توانای نیە بە هیچ شێوەیەک تێیانپەڕێنێت. مردنی پروپاگەندی و ریکلام ئەوەیە کە هەموو کاریگەریەکی خۆی لەدەست بدات، هێندە لە چوارچێوە و سنوور و لە قالبی دۆگمێکی ئاشکاردا بێت، کە نەتوانێت تەنها بەوەش ناچارت بکات، کەساتێک لە لای بوەستی و بیخوێنێتەوە یان گوێی لێبگریت.

لێرەدا با ئاماژە بەچەند تەوەر و خاڵێکی گشتی بکەین:

**یەکەم:** رابردوو پەرستی و خەباتی شاخ و قوربانیەکان و گیانی پاکی شەهیدان و سەرکردە پاوانکراوەکان و سەرکردە تەقلیدیەکانی هەر حیزب بۆ خۆی ئەمە بابەتی پتر لە (٧٠٪)ی هەر هەموو ریکلام و پروپاگەندەکانی هەموو ئەو حیزب و لیستانەبوو کە خەباتی شاخ و پێشمەرگایەتیان هەیە. بەدەر لەوەی کەشەهیدەکان مەزنن و سەرکردەکانیشمان لێهاتووشیان ئەو رشت و رێژەوە لە پروپاگەندە و ریکلام کردن سواوو وەستاوو بێ کاریگەریە لە دەرەوەی ئەو چوارچێوە تەسکەی کە حیزبە سیاسیەکە خۆی هەیەتی و نابێتە مایەی جڵەو کێش بوون و کەمەند کێش بوونی تەنها یەک دەنگدەری دەرەوەی ئەم چوارچێوەیە بەتایبەت لەو پانتاییەی ململانێکەدا کە حیزب و لیستی دیکە هەیە ئەوانیش خەباتی شاخ و شەهید و هەمان سەرچاوەی سەروەری خۆیان هەیە و بەشدارن تێیدا.

لەلایەکی دیکەوە ئەم جۆرە شانازیە لەسەر زەمینەی واقعی قابیلی ئەوە نیە بەهیچ

شێوەیە داخوازیەک لە داخوازیەکانی دەنگدەر رەچاو بکات و باسی لێوە بکات و بەمە سەرنجی رابکێشێت.

**دووەم:** شتێکی سەیرە، مانیفێستی رەنگەکان، لەم هەڵبژاردنەدا جارێکی دیکە، حوکمێکی سەیرە ئەوەی کە تازە پارتی زەردە و یەکێتی سەوز و حسک بوو بە (حسدک) هەر شین. یەکگرتوو هەر قاوەیی ئەو حاڵەتە دۆگمەی لەگەڵ ئەم رەنگانەدا بۆ حیزبەکانی ئێمە دروست بووە، حیکایەتێکی زۆر قوڵی دەروونی لە پشتەوەیە، حیکایەتی نەبوونی هیچی ئیمتیازات و جیاوازییەکی فیکری و سیاسی دیکە، جیا نەبوونەوە لەم رەنگانە پێمان دەڵێت جیاوازیەکان تەنها لە رەنگەکاندان نەک لە خزمەتگوزاریەکاندا، نەک لە بەرنامە و پرۆگرامدا، نەک لە کرانەوە و دیموکراسی و عەلمانی و مەدەنی بووندا.

حیکایەتێکی سواوە و هەموو دەزانین ئەم رەنگانە لە کوێوە هاتن و پەیدابوون و چۆن شەرە پەرۆ رەگوریشە و خۆشەویستی و رقی لە بەرامبەریاندا دروستکرد و پەیوەندی مرۆڤی کوردی لەگەڵ رەنگەکاندا شێواند و لە پەیوەندیەکی ستاتیکیەوە گۆری بۆ پەیوەندیەکی سیاسی، هەر لێرەوە بە زۆر واتا دەتوانین بڵێین: ئەم هەڵبژاردنەی ئەم جارەیان تا ئەو شوێنەی جیاوازی و لێبڕان و خۆسورکردنەوەی تێدابوو، تا ئەو شیوەنەی راستەقینەیی تێدابوو بۆ ناوخۆی کوردستان ، لە پەراوێزدا و درێژکراوەی هەڵبژاردنەکەی پێشوو بوو، تەنها راستەوخۆ و راستەقینە، تەنها جیاواز و ناتەبا، رەنگەکان بوون کە هەموو دەزانین چ حیکایەتێکی قورس و سەختی یەکتر قبووڵ نەکردن لە هەناویاندایە، جگە لە ناوی حیزبە سیاسیەکان، پارتی - یەکێتی ، بۆ نمونە، جگە لە ژمارەکان، ٢٩٢-١٠٩ ، بە نموونە، جگە لە ناوەکان، هەموو دروشمەکان، هەموو ریکلامەکان، هەموو پرۆپاگەندەکان، بۆ هەموو حیزبە عەلمانیەکان بگرە ئیسلامییەکانیش دەگونجان، بەو مەرجەی رەنگەکانیان بگۆڕایە واتە بە گۆڕینی تەختی ریکلامەکان، دەمانتوانی ئینتمای سیاسی گوتار و دروشمەکانی سەریشیان بگۆڕین.

هەر ئەمەیە کە تا ئەندازەیەکی زۆر گوتاری سیاسی و بانگەشەکانی هەڵبژاردن و پرۆپاگەندە و ریکلامەکان نێگەتڤ و پوچەڵ دەکاتەوە و کاریگەریان تەنها لە ئاستی

ناساندندا دەهێڵێتەوە و ڕۆلیان کورت دەکاتەوە بۆ ئەوەی لایەنگرانی فلان لیست بزانن کە ژمارەکەیان چەندە، ئەگینا لەوە زیاتر لایەنگیریەکان تا ئەندازەیەکی زۆر ڕێژەی نەگۆڕبوون و وەک خۆیان مانەوە و هیچ چالاکیەکی ئیعلامی و هیچ پروپاگەندە و ریکلامێک نەیتوانی و لە توانایدا نەبوو تەنها دەنگێکیش بۆ لیستێک زیاد بکات.

بە پێچەوانەوە ئەوەی ڕەچاو دەکرێت ئەوەیە کە لەگەڵ مۆنۆپۆل کردنی دەسەڵاتی حکومی و دارایی زۆری هەردوو لایەنی سەرەکی پارتی و یەکێتی، ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بەگشتی، لەبەرژەوەندی هیچ کام لەواندا نییە. لە ماوەی پتر لە دوانزەساڵی حکومڕانیدا هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆ بەسەر ڕێژەی دەنگەکانیاندا لەبەرامبەریەکدا نەهاتووە. بە کۆن و تازەشیانەوە، حیزبە عەلمانیەکانی دیکە بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە پوکانەوەدان و بە بڕوای من یاخود دەبێت زۆر لە بناغە و بنەڕەتەوە چاوێک بە خۆیاندا بخشێننەوە، یاخود زۆر باشترە گەر زەمینەی سیاسی چۆڵ بکەن و بلاوەی لێبکەن، چونکە بەراستی زۆر نەنگە حیزبێکی سیاسی بەقەدر، بەناو ئەندام و لایەنگر و موچەخۆر و پێشمەرگە و بارەگاکانی خۆی دەنگ نەهێنێت و بەردەوام بێت لە کاری سیاسیدا و کورد واتەنی ، ئەمەی تێنەچەقێت!!

ئەو جیاوازیەی، یاخود ئەو زۆر بوونەی ڕەچاو دەکرێت، ئەو گۆڕانەی کە هەن، بە ڕێژەی پتر لە ( ٨٠ ٪ ) لە بەرژەوەندی ئیسلامییەکانی کوردستانە، بەتایبەت لە بەرژەوەندی کۆمەڵی ئیسلامی، کە بە بڕوای من ئەمە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە ڕێکەوتنی یەکێتی و پارتیەوە لەگەڵ یەکگرتوو، لە لیستی پەرلەماندا هەیە و ئەو ئاکامە بەرئەنجامی گۆڵێکی ئیسلامی بوو لێیانکرا!!.

بەشداریکردنی هەر حیزبێکی ئیسلامی و تەحالوف کردن لەگەڵیدا و زامنکردنی چەند کورسیەک بۆی لە پەرلەماندا، لە کاتی بوونی حیزب یان لیستێکی دیکەی ئیسلامی لە دەرەوەی ئەم ڕێکەوتنە، هەڵەیەکی سیاسی گەورەیە کە نابێت جارێکی دیکە عەلمانیەکان دووبارەی بکەنەوە، چونکە پەیوەندی و هەڵوێستی ئیسلامی سیاسی و حیزبە ئیسلامییەکان لە یەکتر بە قەولی خۆیان، پەیوەندیەکی عەقائیدی - ئایدۆلۆجی- یەو

کۆمەڵێک فەرمان و بڕیاری شەرعی رێکی دەخات و هەرگیز مومکین نییە ئیسلامیەک و عەلمانیەک پەیوەندیان بەم ئاستە بگات.

ئێمە ئەگەر رەچاوی رێژەی دەنگەکانی کۆمەڵ بکەین لە ئاستی پارێزگا و دەنگەکانیان لە ئاستی پەرلەماندا یان بەراوردی دەنگەکانیان لە ئاستی عێراق و دەنگەکانیان لە ئاستی پەرلەماندا بکەین زۆر بە باشی دەتوانین رێژەی ئەو دەنگانە بزانین کە یەکگرتوو ژێربەژێر بەتعمیم بەخشیویەتی بە کۆمەڵی ئیسلامی. چونکە ئەو بۆ پەرلەمانی کوردستان پێویستی بە هیچ دەنگێک نییە و کورسیەکانی مسۆگەرەو، بەشداری کردن و بەشداری نەکردنی بەنهێنی دەمێنێتەوە.

مەبەستم لەم رونکردنەوەیە دوو خاڵی بنەرەتی بوو:

**یەکەم:** بەگشتی زیاد بوون لە رێژەی ئیسلامیەکاندا هەیە، و گۆڕان لە رێژەی دەنگەکاندا لە بەرژەوەندی ئەوانە کە ئێمە لەسەر ئاستی ئیسلامییەکان بەگشتی گۆڕانێکی راستەقینەیە ئەگەرچی یەکێک لە هۆکارە بنەرەتییەکانی مناوەلایەکی سیایە لەلایەن یەکگرتووی ئیسلامیەوە.

**دووەم:** ئەم گۆڕانە لە رێژەی دەنگەکاندا بۆ ئیسلامییەکان، لە رواڵەتدا کۆمەڵی ئیسلامی سودمەند بوو لێی و لە بەرژەوەندی ئەوە، بەڵام چ لە ئاستی خاوەنداریەتی ئەو دەنگانەدا چ لە ئاستی بەرهەمهێنانیشیاندا بەو رێژەیە و لە مانوەرەیەکی سیاسیدا یەکگرتووی ئیسلامی خاوەنی ئەم دەنگانەیە بە هەموو پێوەرێک هەنوکە لە کوردستاندا تا ئەندازەیەکی زۆر خاوەنداریەتی دەنگی ئیسلامیەکانی کوردستان دەکات و بەڕاستی هێزی سێهەمە لە دوای پارتی و یەکێتی و تا ئەندازەیەکی زۆر تاکە هێزێک کە، سودی جەماوەریی لە چالاکی سیاسی خۆی وەرگرتبێت، لە دوای راپەرین لەسەر ئاستی کوردستان و بگرە عێراقیش ئەم هێزەیە. تەنها جیاوازیەک لە دەرەوەی رەنگەکان گەر هەبێت لە ریکلام و پروپاگەندەی ئەم حیزبەدا بە رێژەیەک ئێمە دەیبینینەوە، راستە ئەم جیاوازیە باکگراوندە بە ئایدیۆلۆجیەتی ئیسلامی و لێوانلێوە لە پشت ئەستوور بوون بە ئاکاری ئیسلامی و مانا رەمزی و پیرۆزەکانی ئایینی ئیسلام بەڵام لەسەر ئاستی

نەتەوەیی و خزمەتگوزاریش ئەگەرچی زۆر شەرمنانە بەڵام ئەم لیستە ریکلامێکی تایبەت بە خۆی و پرۆپاگەندەیەکی تا ئەندازەیەک خاوەن، چۆنایەتی خۆی هەبوو. بگرە ئەم هێزە توانی تا ئەندازەیەک بەشداری خۆی لە پەرلەمانی کوردستاندا و لە لیستی هاوبەشدا لەڕووی راگەیاندن و پروپاگەندە و ریکلامەوە بۆخۆی بەرهەم بهێنێت و رووە ئاینیەکەی خۆی بە روویەکی نەتەوەییش دەوڵەمەند بکات بەڵکو ئەو توانی بەم بەشداریە لە لیستی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراقدا لەگەڵ یەکێتی و پارتی، ئەوە بە خەڵک و بەوانیش بڵێت کە هاوبەشە لە دۆزی نەتەوەیی گەلی کوردیشدا و شانبەشانی خەباتی سیاسی و ئایدیۆلۆجی خۆی خەباتێکی نەتەوەییش دەکات و حیزبێکی کوردستانیە، نەک حیزبێکی ئیسلامی لە کوردستان.

شتێکی زۆر ترسناک کە پروپاگەندە و ریکلامەکانی هەڵبژاردن بە ئێمەیان دەوت و دەکرێت لە چەند خالێکدا کورتیان بکەینەوە بریتیبوون لەوەی کە:

**یەکەم:** بە تایبەت هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار زۆر کورتیان هێناوە لە بواری مەدەنی و خزمەتگوزاریدا و بەم ئاڕاستەیەدا هیچ شتێکی ئەوتۆ نییە کەمایەی شانازی و جیاوازی شایەنی باس بێت، بە تکا من ئەمە نالێم بەڵکو وەک وتم پروپاگەندە و ریکلامەکان ئەمەیان بە ئێمە دەوت.

وەک کۆمەڵێک کرێکاری ماندوو فێڵباز خۆیانیان نیشانی ئێمە دەدا کە هەر خەریکن و هیچیان دیار نییە ، ئاخر کاتێک کە تۆ جادەیەک نیشاندەدەیت لە کاتی قیرتاو کردنداو بەپەلە دەکەویتە هەڵکەندن و هەڵدرین و چاندن و تێکدان و .........هتد. تۆ بە خەڵک دەڵێیت ئەمە هەموو ئەو خزمەتگوزاریانە بوون کە دەبوایە دە ساڵ لەمەوبەر دەستم بۆ ببردایە و جێبەجێم بکردایە، کاتێک فەرمانبەران، مامۆستایان، خوێندکاران،.........هتد کۆدەکەیتەوە و دەڵێی: واتان بۆ دەکەین تۆ باس لە کورتهێنان و کەموکوریەکانی خۆتدە کەیت، ئاخر زۆر سەیرە لەسەروبەندی هەڵبژاردندا بێباکانە بە جەماوەر بڵێیت دەنگم بۆ بدە باجی عەلوەکان لادەبەم!! دەنگم بۆ بدە کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەر دەکەم کەچی دوانزە ساڵە پەیڕەوی سیستمی(٣٢)ی خاڵی بەعس

دەکەیت، دەنگم بۆ بدە کێشەی ئاوو کارەبا ناهێڵم، دەنگم بۆ بدە رێگاو بان چاک دەکەم، ئەدی براکەم دوانزە ساڵە، کا حاکمی شارە!! کا باجی عەلوەی داناوە؟ کا تەنها شەوێک چەند سەعاتێک لەرێی خودا کارەبا دەدات؟

هەریەک لەم ریکلام و پروپاگەندانە بۆ هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بەتایبەت مایەی تەریقبوونەوەیە نەک کاریگەریی باشی نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە کاریگەریی خراپیشیان هەبووەو دەشیان بێت، چونکە هەموو دڵنیاین هیچ لەو ئەرک و خزمەتگوزاریانەی کە دوانزە ساڵە ئاوریان لێنەداوەتەوە ئەستەمە ئاوری لێبدەنەوە و مەگەر پێشتر گۆرانکاریی لە خۆیاندا بەراستی ئەنجام بدەن، خۆیان تەعمیر بکەن ئەگینا هیچکام لەوانەیان پێناکرێت تەنانەت باجی عەلوەکانیش هەردەمێنن.

کەس نکوڵی لەوە ناکات کە هەندێ پرۆژەو خزمەتگوزاری بەکەموکورییەکی زۆرەوە جێبەجی کراوە چەندە جوان دەبوو گەر ئەمانە نیشانی ئێمە بدرایە و بابەتی مونافەسە و پروپاگەندە و ریکلامەکانی بەتایبەت ئەم دوو پارتە سەرەکیە بوایە.

دەبوو ئەوانەی لە دەسەڵاتدارنین و ئۆپۆزسیۆنن ئەم مەسەلانە بابەتی پروپاگەندە و ریکلامەکانیان بوایە نەک ئەم دوو حیزبە.

تۆ کە ریکلام بۆ ئەنجومەنی شارەوانی دەکەیت و دوانزە ساڵە خۆت فەرمانرەوایت و دڵنیاشیت لەوەی کێشەی کارەبا بە دەستی خوایە نەک خۆت، وەک جاران دەتوت، هەنوکە چۆن بێباکی لەوەی کە بەدرۆ بکەویتەوە و سادەو ئاسان دەڵێیت: دەنگم بۆ بدە، کێشەی کارەبا چارەسەر دەکەم، چۆن دەبێت لەوە نەترسی کەسێک بڵێت: چۆن؟ بەچی؟ کەی؟.

هەڵبژێردرانەوە و راستەوخۆ کارەبا وەک حەفتەیەک بەر لە رۆژانی هات و هاواری دەنگدانی لێهاتەوە و هەموو گەرەکەکانمان بە دەنگی (موەلیدە ) کاس بوون، کارەبای هەندێ گەرەک لەسەر ئیقاعی ترافیک لایت کاردەکات، تەنها بە شەویش.

بەبێ ئەوەی درێژەی بدەینێ ئەم کەمتەرخەمی و نادەربەسیە گەورەترین هەرەشەیە بۆ سەر دەسەڵاتداریەتی و لەپێشەوەی هەموویشی مانەوەی ئەم دوو حیزبە و هەموو ریکلامەکان و پروپاگەندەکانیشیان لەم ئاستەدا خراپ و مایەی زەرەری زیاتریان بوون و

دەبێت.

**دووەم:** یەکێک لە مۆرکە خراپەکانی پڕوپاگەندە و ریکلام کە هەندێ جار دەبێتە هۆی ئەوەی تایبەتمەندیی خۆی لە دەست بدات و ئیدی نەتوانین وەک ریکلام و پڕوپاگەندە سەیری بکەین و لەم روەوە هیچ سودێکی تێدا نەبێت، ئەوەیە کە بابەتێکی نەشیاو یان بەشێوازێکی نەشیاو ریکلام و پڕوپاگەندە بکەیت، دیارترین نمونەی ئەم حاڵەتەش لەوەدا دەبینینەوە کە هەردوو حیزب پارتی و یەکێتی پڕوپاگەندە و ریکلامیان بەوە دەکرد کە، یەکمانگرت لەسەر ئاستی عێراق و پەرلەمان یەک لیستمان دروست کرد، بۆ ئەوەی شەڕ نەکەین!! لەسەر ئاستی پارێزگاکان هەرکەس بەجیاو بە لیستی خۆی بۆ ئەوەی بوارێک بۆ دیموکراسی بهێلینەوە!!.

دوو زەنگی تەواو ترسناک لەم دوالیزمەدا ئەوەیە، یان شەڕو دیموکراسی یان دیسپلین و سەرکوتکردن و فیفتی بە فیفتی و حاکمیەتی موتلەق .

تەنها قسەو باس لەم بارەیەوە چەندین بابەت و لێکۆڵینەوە و کتێبی دەوێت بەڵام لێرەدا تەنها مەبەستی ئێمە ئەوەیە کە ئەمە بە هیچ شێوەیەک بابەتی پڕوپاگەندە و ریکلام نییە، بۆ حیزب و لیستێک کە تۆ بتەوێت یان راستر ئەو بیەوێت لەژێر باڵیدا بیر لە ئاسایش و دیموکراسی پێکەوە بکەیتەوە، ئەم دێڕانە و ئەم شێوە پڕوپاگەندانە ئەو لێکچوونە سەیرەی تەنها شەڕەکان و رەنگەکان جیاوازیان لە نێواندا دروست دەکات، باسی دووکیانی سیاسی و پرۆسەیەکمان بۆ دەکات کە بنەڕەتی ترین و سادەترین چەمکە سەرەتاییەکانی دیموکراسی فەرامۆش کردووە و خۆی بۆ ئامادەنەکردووە، لە پشت ئەم دێڕانەوە ئەو هێزانە هەن، ئەو دەنگانە هەن کە نایانەوێت هەڵبژاردن- کە ئێسکی گرانە- دووبارە بێتەوە و ریسک و دۆڕانیان بە هیچ شێوەیەک قبوڵ نییە، چونکە هەمیشە لە زەینی ئەواندا ئاخرزەمانەو رۆژێکە و ئەمڕۆ.

**سێهەم:** حەماسەت و سەرمایە رەمزیەکانی شەڕ، نەعرەتە و هاشوهوشەکانی ئاخر زەمان، تەواو جیاوازن لە ریکلام و پڕوپاگەندەکانی هەڵبژاردن، هەموو نەتەوەیەک، هەموو گروپ و کۆمەڵێک دەبێت رێز لە سەرمایە رەمزیە گەورەکانی خۆی بگرێت و هەمیشە و

ڕۆژانە دەستیان بۆ نەبات و نەیانکاتە بنێشتە خۆشەی دەمی خۆی و هەموو شەڕێکیان پێنەکات، فێرنەبێت هەمیشە گرێی دەست بخاتە دان و دنیای لێ بێتەوە یەک و شەڕو مونافسە لێکجیا نەکاتەوەو بە هەموو هێز و سەرمایەی ڕەمزی خۆی دابەزێتە هەموو کایەکەوە.

دەنگدان بەیەکێتی دەنگدان نییە بە خوێنی شەهیدان، دەنگدان بە یەکگرتوو دەنگدان نییە بە ئیسلام، دەنگدان بە پارتی چارەسەریی دەنگدان نییە بە سەربەخۆیی کوردستان، بەهەمان شێوە بۆ لایەنە سیاسیەکانی دیکەش، کە هەموان دروشم و ریکلامی لەم بابەتەیان زۆر بوو. ئەم دروشمانە، ئەم پروپاگەندەو ریکلامانە تۆتالیتاری و حەماسی و جەنگ ئامێزو دابەزاندنی سەرمایەو پیرۆزیە رەمزیەکانمانن بۆ ئاستێکی ناشایستە لە مونافەسەو ململانێی سیاسی، شەهیدانمان، ئاینەکانمان، سەرکردە نەمرەکانمان سەرمایەی رەمزی و گشتی هەموومانن، ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنە هەڵبژاردنی دۆست نییە لە بەرامبەر دوژمن، هەڵبژاردنی بەهەشت نییە لە بەرامبەر دۆزەخ، شەڕی مان و نەمان و کوفر و ئیسلام نییە هەڵبژاردنێکە لە ئاستی ناوخۆیی و خزمەتگوزاریدا و بەشدارانی پێویستە هەموو ئەوە بۆ هەموومان دووپات بکەنەوە کە هاوڕێ و هاوخەبات و هاونیشتمانن و پێکەوە لەسەر خوانی دیموکراسین بەنیازی ئەوەن لە یەکتری ببەنەوە، نەک قەلاچۆی یەکتر بکەن دەبێت ئەوە بزانن کە ئێمە، تەنها بۆ خزمەتگوزاری و بردنەوە دەنگیان پێدەدەین و لەسەر ئەم سفرەیە دوژمن و ئەو کەسانەی کە لە سەرمایە رەمزیە گشتیەکاندا وەک ئێمە نین و هاوڕێمان نین ئەوانە لەسەر ئەم سفرەیە نین. هەڵبژاردن پەیوەندی بە پەسەندو شیاوە کارامەوە، پەیوەندی بە لێهاتوو لێوەشاوەوە هەیە نەک خوداو شەیتان و دۆست و دوژمن و ڕەش و سپی. پارتی و یەکێتی دەبا ئەوە بزانن کە سەروەریەکانی رابردوو مێژوو نادات، ئیسلامییەکان دەبێت ئەوە بزانن جەماوەر دەنگ بە پۆلیسەکانی شەریعەت نادات، دەنگ بە کۆمەڵێک پاڵێوراو دەدات بە مەبەستی خزمەتگوزاری و چاکسازی و بورن لە ئاستی بەرپرسیاریەتیدا.

**چوارەم:** یەکێک لەو پروپاگەندەو ریکلامانەی کە ترسناکە و دەبێت بە تایبەتی

ئاماژەی پێبدەم لافیتەیەکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستانە کە دەڵێت:

(دەنگ نەدان حەرامە !!) قسە و باسێکی دوور و درێژی دەوێت. ئەوەی کە ئەم فەتوا مۆدێرنە لەلایەن دەزگا و دامەزراوەیەکی ئایینیەوە باگراوەندە بەچی و سەنەد و بەڵگەی شەرعیی لە چ قاموسێکدایە و رەنگە ئێرە شوێنی ئەو باسە نەبێت، بەڵام ئەوەی کە پێویستە هەندێک لەسەری رابوەستین پەیوەندی نێوان ئایین و ململانێکانی دەسەڵاتە لەلایەک و هێنانەوەی ئەم دەستەواژە ئایینیانەیە بۆ نێو کاری سیاسی و گەمەی دەسەڵات لەلایەنی دیکە، ئەم کردەوەیە مێژوویەکی درێژی هەیە لە رۆژهەڵات و ئێمە بە درێژایی ئەزموونی دوای راپەرین دەردی سەری زۆرمان لە دەستی بینیوە. یەکێتی زانایانی ئایینی کە خۆی دامەزراوەیەکی سیاسی نییە و بەلیستێک نەهاتووەتە مەیدانەوە، دەیەوێت ئەم فەتوایەی خۆی، ئەم ریکلامە، ئەم لافیتەیە لە یەخەی کام لەو حیزب و لیستانە بدات، دواجار ئەم موفتیەی کە ئەم ئیلهامەی بۆ هاتووە، دەبێت لەوە بپرسێت گەر دەنگ نەدان حەرامە، ئەدی دەنگدان بۆ کا فەرزی عەینە، دەنگدان بە کێ مەکروهە و دەنگدان بەکا حەرامە!!

ئەم فەتوایە لە پەنجەرەکانی خۆیەوە، یەکێ لە ترسناکترین دەستەواژەکانی ئیسلامی سیاسی و تێکەڵاوکردنەوەی بێ پەردەی ئاین و گەمەی سیاسی لەگەڵ خۆی دەهێنێتەوە، دەنگدان لە شێوەی دەنگدان و هەڵبژاردنی بەهەشت و دۆزەخدا، حەرام و حەڵاڵدا، کوفر و ئیماندا، وێنا دەکاتەوە.

ئەمە دەمانباتەوە نێو ئیشکالیەتێکی قووڵ لەنێو فەلسەفەی دیموکراسی و عەقدی کۆمەڵایەتی هەڵبژاردندا، ئاخر دەنگنەدان و دەنگدان بەهەر لیست و لایەنێک، مافی مەدەنی و سیاسی هەر هاوولاتییەکە، نەک ئەرک، خۆ گەر ئەرکیش بێت بەو مانایە ئەرکە کە بەرپرسیاریەتی مرۆڤێک بەرامبەر بەخۆی و بەرامبەر بە چاکەی گشتی و مەدەنی ئەرکە و ئەم ئەرکە بە تەواوی ئازادی و سەربەستییەوە جێبەجێ دەکرێت و چ سیاسی و علمانی و دنیایی هاوولاتییەو بەهیچ شێوەیەک ئەرک و مافێکی ئیلاهی و لاهوتی نیە.

ئەم ریکلامە دەبێت لە جێی خۆیدا لێپرسینەوەی عەقڵی و مەدەنی و بەرامبەر هەبێت

و خلیسکانێیەکە کە دەبێت ڕێگای لێبگرین، ئەگینا بۆ ئەم عەقڵیەتە کە لە بنەڕەتدا هەمان بناغەی کۆماری سیاسی ئیلاهی هەیە، ئاسان دەبێت ڕێگا بۆ خۆی یان نموونەیەکی لە بابەتی خۆی خۆشبکات بۆ ئەوەی ئەمجارەیان فەتوا بۆ یەکێک لە حیزبەکان و لە لیستەکان بدات و بەناوی پیرۆزی ئایینەوە بەرەو لای حیزبێکی گوناهبار دەعوەتمان بکات. سەیرە، کەس لە ئێمە لەنێو فایلە حەرام و حەڵاڵەکاندا نە لە قورئان و نە لە سوننەدا هەڵبژاردنمان نەدیوە، کەچی ڕۆژێ دێ دەبێتە کوفر و شیرک و ڕۆژێکی دیکەش ئەم کوفر و شیرکە دەبێتە فەرزی عەین و نەکردنی حەرامە!! تەنها لەم ئەزموونەی ئێمەدایە پروپاگەندەو ریکلامی عەنتیکەی لەم بابەتانە دەڕواو ڕێگەی پێدەدرێت و حیزبێک یان لیستێک دەکەوێتە ئەو وەهمەوە کە ئەوەی دەنگ بداتن بێگومان دەنگ بەو بدات، هەر بۆیە یاخود دەنگ دەدات، یان دەنگ نادات، و ئەگەر دەنگ نەدات چونکە ئەمە دیموکراسی و بەناوی دیموکراسیەوەیە پێیدەڵێت: تیرۆرستە، لەلایەکی دیکەشەوە بەناوی ئایینەوە پێیدەوترێت کە بەشداری نەکردن و دەنگ نەدان حەرامە!! پرۆسەی هەڵبژاردن ئەو پرۆسەیەیە کەس سەربەست (وەصی) نییە بەسەریەوە، کەس هەڕەشەو ریکلامی بۆ ناکات.

## پروپاگەندەو ریکلام بە ئاوازی ئەی ڕەقیب

دەمەوێت بە ئاوڕدانەوەیەک، لە کاریگەری و سیحری، پڕوپاگەندەو ریکلامەکانی هەڵبژاردن و ئاماژەیەک بە بەشداریی چاوەڕواننەکراوی خەڵک کۆتایی بەم باسە بهێنم.

ئاماژەمان بە هەندێک دیوی پڕ مەترسی، پڕوپاگەندەو ریکلامەکان کرد، کە بەشێوەیەک لە شێوەکان خۆی لە نا دیموکراسی بووندا دەبینێتەوە، لەم ڕووەوە بەر لە هەر شتێک دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکەین، تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە دیموکراسی و دەسەڵاتی مەدەنیی و تۆتالیتاریەوە هەبێت، خەڵک و جەماوەری ئێمە، ئەزموون و پەروەردەو وشیاریی مەدەنیی، لەو ئاستەدا نییە، کە بتوانێت پەی بەو مەترسیانە بەرێت و وەک خۆیان بیانخوێنێتەوە و پاشان هەڵوێست لەبەرامبەریاندا وەربگرێت.چونکە ئەمە دیوی

شاراوەی ئەوو ریکلامانەو ئەو روالەتەیانە کە لە گوێگرتنی ئاساییدا خۆی بەدەستەوە نادات. پاشان جەماوەریش، بە سروشتی خۆی عامیانەو حەماسی و ناعەقلانی و توندوتیژی پەرستە،(٤) بۆ ئەم پرۆپاگەندەو ریکلامانە خۆبەخۆ ئامادەیی رۆحی، زیاتری تێدایە. هەر ئەم دیوە توندوتیژەی ریکلام و پروپاگەندەکانیشە کە مرۆڤی ئێمە گرێدەداتەوە، بە هەموو ئیشکالیەت و پیرۆزیەکانی حیزبی کوردی وسەردەمی شۆرشەوە، گرێیدەداتەوە بە کورد-بوونەوە، لە چوارچێوەی گوتاری مانەوەدا.

پەنابردنەوەی پیاوی سیاسی و حیزبە سیاسیەکانی ئێمە بۆ ئەم گوتارە، لە هەموو چرکەساتێکی فشار و سەغڵەتیدا، تەعبیر لە وشیاریەکی نائاگا- لا واعی - و خۆرسکی ئەم بوونەوەرە دەکات بەوەی کە ئەم گوتارە هێشتا بەسەختی و بەتەواوی کاریگەریەکانی خۆیەوە لە رۆحی مرۆڤی کورددا دەژی، کە ئەوانیش بۆ خۆیان نموونەیەکی هەستیاری ئەم مرۆڤەن و لێرەوە دەتوانن پردی پەیوەندی و زەمینیەکی لەبار بۆ کۆمێنیکەیشن بدۆزنەوە.

پیاوانی شۆرش هەمیشە ئەگەری بوونە ستەمکار لەبەردەمیاندا والایە و بۆ ئەم مەبەستەش چ لەناو رۆحی خۆیاندا و چ لەناو خەلک - جەماوەر-دا، شۆرشێکی و سەرمایەیەی رەمزی و ێنەی کاریزمیان زۆر بەباشی فریویاندەدات.

وەرچەرخانی شۆرشگێر بۆ ستەمکار، لە زەین و خەیاڵگەی جەماوەردا وەک خۆنمایش کردنی پارەیەک وایە بە هەردوو دیوەکەی.

تا چەند لەسەر زەمینەی توندوتیژی، ئەم دوو مرۆڤە- شۆرشگێر و ستەمکار- دواجار لە جەوهەرو کاراکتەریاندا یەکدەگرنەوە و چەمکی، توندوتیژی رەوا و توندوتیژیی نارەوا، کۆیاندەکاتەوە، ئەمە بۆ خۆی پرسێکە، بەڵام لە زەینی مێگەلیدا کە زەینێکی تەماشاچی و مەلحەمی و پاڵەوان پەرستە، بە ئەستەم ئەم دوو وێنەیە لە یەکتر جیادەکرێنەوە و پەیوەندی جەماوەر و پیاوە فاشیەکانی دنیا باشترین بەڵگەی ئەم راستیەن.(٥)

گرنگی ئەم رونکردنەوەیە، لێرەدا، ئەوەیە کە بزانین، چەند و چۆن زیندوویی و بەردەوامیی گوتاری مانەوە رۆلێکی بنەرەتی دەبینێت لە حەشاردان و نەدیو کردنی ئەم

رەهەندە ترسناکەی پڕوپاگەندەو ریکلامەکاندا و چۆن دەبێتە سەرچاوەی هێزو کاریگەریی ئەم پڕوپاگەندەو ریکلامانە، لە دنیای ئێمەدا- رۆژهەلآت - دەبێت هەمیشە ئەوەمان لە بەرچاو بێت کەچ پەیوەندیەکی ئۆرگانی لە نێوان سەردەمی شۆڕش و سەردەمی دیکتاتۆر، سەردەمی حیزب و سەردەمی تۆتالیتاریەتدا هەیەو گۆڕانی ئەو وێنەیە بۆ ئەم وێنەو، ئەو سەردەمە بۆ ئەم سەردەم چۆن گرێدراوی گوتاری مانەوەو مانا قوربانی بەخشەکانی ناسیۆنالیزمن. ئەم پەیوەندیە ئۆرگانی و گۆڕان و هەلگەڕانەوانە لە سروشتی گوتارێکی رق ئەستور و توندوتیژدا حەشار دراوە کە گرێی بنەرەتی بوونە لەپێناو مانەوەدا، لەزەینی جەماوەردا ئەم گوتارە هەلومەرجێکی، ناسکء نائاسایی، ترسناکە. ترسێکە روکارێکی - صفە- ئەزەلیی وەرگرتووە، بەلآم لە زەینی " شۆڕشگێڕدا " ئەگەرچی ئەم ترسە چەقبەستووترێکە و مۆتەکەیە، بەلآم ئەمە شۆرشگێڕە کە دواجار لە توانایدایە ترسی هەموو ئەوان عەمبارو ئاراستە بکات. بە ئاقاری راگەیاندنی شۆرش، یان راگەیاندنی ئەحکامی عورفیدا ببات، بیکاتە پاساوی پەلاماردان و یاخی بوون، یان پاساوی دیسپلینی ناوخۆ و گۆڕینی کۆمەلگا بۆ پۆلیسخانە و حوکمەت بۆ زیندان و گرتوخانە.

مرۆڤی ئێمە، ئەزموونێکی درێژی لەگەل خۆنواندن و داستان تۆمارکردندا هەیە، ئەم مرۆڤە خوێن و گۆشت و ئیسقان و بەختەوەریی خۆی لەم پێناوەدا داناوە و بەخشیویەتی.

هەموو رێگایەکی گرتۆتە بەر بۆ ئەوەی بلێ: ئەی رەقیب ! کورد زیندووە....

لەبیرمان بێت لە نێو ئەم دەرکەوتنەدا، وێنەی قوربانی و وێنەی شۆڕشگێریی و مەزنیی تەواو ئاوێتەن و لێک جیا ناکرێنەوە، هەرگیز مەبەستی ئێمە ئەوە نییە کە کورد رەقیبی زۆر و زەوەندی لە دەور نەماوە یان نییە، بەلکو مەبەستمان ئەوەیە کە چۆن هەمیشە ئامادەیی ئەم وێنەیە، داینەمۆی جۆش و خرۆش و کۆبوونەوە و کاریگەریی بووەو تا هەنوکەش بەم جۆرە ماوەتەوە.

بەپێی گوتاری مانەوە ئەم رەقیبەیە بزوێن و بینەری رۆحی مرۆڤی کورد وئەم مرۆڤە ئیدی بە ئەندازەیەکی زۆر، لە چاوی ئەودا نەبێت خۆی نابینێتەوە و توانای خۆ دۆزینەوەی نییە.

لەم گوتارەدا کورد هەمیشە چاوی لە دوو جۆر رەقیب بووە و خۆی لە چاویاندا بینیوەتەوە، رەقیبێک کە تەواو مانای دوژمنی وەرگرتوەو کورد بە چاوی بەزاندن و دەربازبوون، وابیری لێکردوەتەوە کە دڵی بتەقێ و شەقبەرێ!!.

لەم بیرکردنەوە و بینینەدا ئەم رۆحە زۆر مانای گەورەی لە دنیای خۆیدا فەرامۆش و دواخستوە. ئەمەی کردووە و ئەوەی نەکردووە، ئەمەی نرخاندووە و ئەوەی بێنرخ خەملاندوە، ئەمەی هەڵبژاردوە و ئەوەیانی هەڵنەبژاردووە، بەو مەبەستە و لەو بیرکردنەوەیەوە لە دنیای خۆی، کە دوژمن لە شێوەی رەقیبدا هەیەتی.

جۆرێکی دیکە لە بیرکردنەوەو خۆ بینینەوەکانی کورد لە چاوی- رەقیبێکەوە بووە کە دەرفەت بە خۆنمایش کردنێکی دیکەی بدات. ئەو جۆرە لە خۆنمایش کردن، کە دۆخی شەرمکردن و خۆئارایش کردنە، دۆخی دان بەخۆدا گرتن و چاوبڕینە لەوەی لە چاوی ئەوانی دیکەدا جوان دەرکەوێت، کۆجیتۆی ئەم دەرکەوتنە نیوە بەیتێکە کە دەڵێت: عالەم چاوی لێتانە!!

ئەم دوو میکانیزمە زۆر بە قوڵی و چالاکی لە نێو ئەم گوتارەوە- گوتاری مانەوە- دێن و دەبنە داینەمۆو سەرچاوەی کارو کاریگەریی پروپاگەندە و ریکلامەکانی هەڵبژاردن و کەناڵێک کە زۆر ئامادە و لەبارە، خۆشکراوە و هەر لەوێشەوە رۆحی ئەم مرۆڤە دەستەمۆکراوە، ئەم کەناڵە دەدۆزنەوەء بەشداریەکی زۆر چاوەڕواننەکراو مسۆگەر دەکەن.

دوا قسەم ئەوەیە کە ئەم پروپاگەندە و ریکلامانە بەرلەوەی حیزبەکان و لیستەکان و کەناڵەکان دەستی پێبکەن، ئەم مرۆڤە لە رۆحی خۆیدا رایگەیاندوە و دەستی پێکردوە و لەبەر خۆیەوە دەیلێتەوە و وڕێنە و مەنەلۆگیەتی.

مرۆڤی کورد تا هەنوکەش ئەو مرۆڤەیە کە لە نێوخۆیدا پروپاگەندە و ریکلام بۆ ئەم شێوازە لە بوون و دەرکەوتن دەکات و بزوانە، نەگونجاوەکان لەگەڵ ئەم گوتار و وێنە و کۆجیتۆیانەدا سەرکوتدەکات.

## سەرچاوەکان

١- مقدمة في الاتصال السياسي، دكتور محمد بن سعود البشر، الطبعة الأولي ١٩٩٧ م. مكتبة العبيكان، الرياض.
٢- الراي العام و الإعلام والدعاية، الدكتور هاني الرچا و الدكتور رامز محمد عمار، الطبعة الأولى ١٩٩٨م، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت.
٣- ستەمکاری، مەملەکەتی ترس و لە مرۆڤ خستنی مرۆڤ و تیرۆر کردنی عەقڵ، فاروق رەفیق، ٢٠٠٣ چاپخانەی رەنج. سلێمانی.
٤- سيكولوجية السلطة، بحث في الخصائص النفسية المشتركة للسلطة، سالم القمودي، ١٩٩٩، الطبعة الأولى، مكتبة مدبولي، القاهرة.

## پەراوێزەکان

١- بۆ ئاگاداری زیاتر لەم بارەیەوە ( سیستمەکانی راگەیاندن لە دیموکراسی و تۆتالیتاریدا) بە نمونە بڕوانە کتێبی (مقدمة في الاتصال السياسي . د. محمد بن سعود البشر لا- ٦٣-٦٩)
٢- بۆزانیاری زانستی و زیاتر بگەڕێرەوە سەر کتێبی ( الراى عام و الاعلام و الدعايه ) نوسینی هەردوو دکتور هانی الرضا و زامر عامر هەروەها سەرچاوەی پێشوو ( مقدمه فى الأتصال السياسى ) کە دوو سەرچاوەی تایبەتن لەم بوارانەدا
٣- بۆ نمونە دەکرا لە بری ژمارە / وێنە ، نوێنەرایەتی لیستەکانی بکردایە ، کە بۆ نەخوێندەواران ئاسانتر دەبوو.

## گفتوگۆ لە بارەی بابەتەکەی هاوژین مەلا ئەمین

**ئاسۆ کەریم:**

پێم وایە تەنانەت ئەو دەزگاو کەناڵە راگەیاندنانەی کە بەناوی راگەیاندنی ئازادو میدیای ئازادەوە قسە دەکەن. ئەوانیش ئازاد نین، بۆ نموونە پێش هەڵبژاردن و پاش هەڵبژاردنیش چەندین دەزگای راگەیاندنی بیانی کە لەژێر سەیتەرەی هیچ حیزب و حکومەتێکدانین دەیانوت ئێمە پێمان وتراوە چی بکەین و چی نەکەین، بۆیە پێم وایە

ئەوانیش ئازاد نین و راست ناکەن دەستێک هەیە لە پشتیانەوە. هەروەها باس راگەیاندن و ریکلامی ئەم جارەی خۆمانت کرد لە هەڵبژاردن و باست لەوە کرد کە تەقلیدی بووە. بریا باسی ئەوەشت بکردایە کە دەبوایە چۆن بوایە؟ ئەی ئەگەر ئەوە تەقلیدیە چی بکەین باشە؟

**موسلح ئیروانی:**

لەڕووی قانونیشەوە هەروەک باستکرد، ئەوانە نەبنە موڵکی حیزبێکی دیاریکراو، یان لایەنێکی سیاسی، بەڵکو دەبێ لەودیوی ئەوانەوە تەعامولی لەگەڵ بکرێ، بەدەر لەوەش لەوە ئەچێ هەموو ئەوانە ئاسان بێت کە لەرێگەی بڕیارێکی سیاسیەوە جێبەجێ بکرێ، بەڵام وردەکاری تیایە... هەروەها پێم وایە یەکێ لە سیفەتەکانی هەڵبژاردن ئەوەیە کە فەوزایەک دروست دەکا. هیچ هەڵبژاردنێک نابێ بەبێ جۆرێک لە فەوزا.. فەوزا سروشتێکی پرۆسەی هەڵبژاردنە.

**مستەفا غەفور:**

هەر چەمکێک کە پەیدا ئەبێ ئەم چەمکە دەنگدانەوەی رێبازێکی سیاسیە، لێرە نامەوێ لە هەموو لایەنەکانی دیموکراسی بکۆڵمەوە. من تەنیا ئەوە ئەڵێم لەوڵاتی ئێمەدا دیموکراسی بووەتە چەمکێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندی نێوان دوو حیزب یان چەند حیزبێک، کە پاراستنی بەرژەوەندی ئەوان دابین کردنی ئاسایشی نێوان ئەو دوو حیزبەیە، بۆیە بوەتە هۆی ئەوەی زۆرجار بەش و مافی لایەنەکانی دیکە بفەوتێ. لەلایەکی دیکەشەوە، ئەم پرۆسەیە بۆ دامرکاندنەوەی کێشەی نێوان ئەم دوو حیزبەیە... ئێمە تاوەکو ئێستا دیموکراسییان نەبینیوە، بەڵام ئایا دیموکراسی ئەمەیە کە هەیە؟

**ئازا حەسیب قەرەداغی:**

بابەتەکەی جەنابت بەدوێکی دا هەوڵدانێکە بۆ تێگەیشتنێکی خودی ئەم پرۆسەیەی کە لەم ماوەیەدا کرا، بەدیوێکی دیکەشدا، هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی نموونەی ناو ئەم پرۆسەیە بۆ ئەفکارەکانی خۆتی پێ بسەلمێنێ، وەک من دیقەتمدا تۆ پێش وەخت جۆرێک لە رەخنەت هەیە بەرانبەر خودی پرۆسەی هەڵبژاردن لە کوردستاندا، هەوڵتداوە لەو نموونانەی روویان داوە شتێ هەڵبژێری کەوا بێ بن بەسەلمێنراوی ئەفکارە موسبەقەکانت، سەرەڕای ئەمانە، دێمە سەر ئەوەی کە بڵێم بەشتێکی زۆری باسەکە عەرزێکی وردبینانە بوو لەو نمایشەی کە کرا، تۆ جارێکی تر نمایشێکی ترت کرد لەو نمایشەی کە لە پرۆسەی هەڵبژاردن کرا. کەمتر تەحلیلی تێدا بوو، ئەوەشی کە تەحلیل بوو تەسەور ئەکەم بەشێکی پەیوەست بوو بەو جۆرە لە بیرکردنەوە کە پێشتر ئاماژەم پێدا.. لەنێو ئەوانەشدا هەندێ مەسەلە خرایەڕوو بۆی هەیە مرۆڤ هەڵوەستەیان لەسەر بکا، یەکێ لەوانە بەراوردکردنی دیموکراسیەتی ئێمە بەدیموکراسیەتی ئەوانیدیکە، وەک بڵێی کاتێ کە بمانەوێ کە هەر مەسەلەیەک بگەیەنین بە بنبەست و نەمانەوێ بەو رێگەیە بڕوات دەرەنجامێکی لێ هەڵهێنجێنین یەکسەر ئەم تیزە موقارنە دەکەین بەوانی دیکە، لەکاتێکدا کە هیچ دیموکراسیەتێک بەدیموکراسیەتێکی دیکە موقارنە ناکرێ، هیچ کاتێ یەکێ لە بیرمەندانی بواری سیاسەت و کۆمەڵناسی سیاسی نەیانگوتووە دیموکراسی رەچەتەیەکی وەک یەکە بۆ هەموو کۆمەڵگاکان و ئەسڵەن تائێستا ئەوانەی لەم بوارەدا کاردەکەن بڕیاریان نەداوە تەعریفێکی سنووردارو ستاندارد بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن دابنێن مەسەلەیەکی کراوەیە لەبەردەم مرۆڤایەتیدا بۆ بیرکردنەوەو بۆ پراکتیزەکردن بۆ جیاوازی و تەنەوع، تەنانەت ئاستی تەنەوع نەک لە کۆمەڵگا بەڵکو لە مابەینی موقاتەعەیەک دەتوانین بڵێین

بەحەدێک دیموکراسیەت قابیلی تەنەوعە کە تەنانەت لەنێو خودی یەک کۆمەڵگاشدا قابیل بەتەنەوعە بەپێی کۆمەڵێ تایبەتمەندی و کەلتووری باوی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان بۆ نموونە ئاساییە ئەو پرۆسەیەی کە ئێمە مومارەسەی دەکەین لەهی هیچ کۆمەڵگەیەکی دیکە نەچێ، بەڵام کاتێکیش دێینە سەر پرەنسیپە ئەساسیەکانی دیموکراسی، دیموکراسیەتی ئێمە لە هی ئەوان ئەچێ بۆ نموونە دەبێ هەڵبژاردن هەبێ، هەڵبژاردن کرا، فرە حیزبی هەبێ فرە حیزبییە لەکوردستاندا لە پرۆسەی هەڵبژاردندا هەقی ریکلام و دروستکردنی لیست هەبووە. چەندین لێکچوونی بنەمایی دیکە بەم مانایە دیموکراسیەت لە وڵاتی ئێمەدا لە دیموکراسیەتی وڵاتانی دیکە دەچێ، لە وڵاتی دیکەشدا بینیومانە لەکاتی هەڵبژاردن تەقەکراوەو شەڕ رویداوە.. مەبەستی من لێرەدا تێزی بەراوردکردنەکەیە، هەڵبژاردن وەک هەر شوێنێکی تر وسیلەیەک بووە بۆ حەسم کردنی ململانێ و سراع لە مەرحەلەیەکی دیاریکراودا، لای ئێمەش هەمان شت بووە، کارێکی باش ئەکەن ئەگەر حیزبەکانی ئێمەش لە خیلافی هەڵبژاردندا حەسمی سراعی خۆمان بکەن.. بەتەسەوری من ئێمە چۆن و چەند پێمان ئەکرێ ئەو دوو حیزبە هان بدەین کە فەتراتی دەورانی قەیران گرتوو بەسندوقی هەڵبژاردن بڕەوێننەوە. بۆیە ئالەمەدا ئەگەر قەیرانی ئێمە بەسترابێ بە قەیرانێکی عامترەوە، یەک باشترە، بۆ ئەوەی شەڕەکەیان لەنێو قەیرانە گەورەکەدا بێت نەک لەنێوان خۆیاندا. بۆیە یەک گرتنی ئەم دوو حیزبە لە هەڵبژاردنی ئەم جارەدا جۆرێک گاڵتەپێکردن نەبووە بەهۆشیاریی سیاسی خەڵک وەک هەندێ کەس باوەڕیان وایە...

لەسەردەمەکانی دیکە، لەوانەنەهێڵن رەمز بەکاربهێنرێ لە ریکلامەکاندا، پێم وایە هەتا ئێستاش حیزبەکانی ئێمە خۆیان بۆ خۆیان لەسەر رەمزەکانیان ئەژین لەبەر ئەوە ناکرێ جگە لەو شتەی کە خۆیانی لەسەری دەژین شتی دیکە دروست بکەن بۆ ریکلامی

ئینتخابی. هەروەها خودی کۆمەڵگای کوردەواری هێشتا وابەستەیە بەرموزەوە ئەم کۆمەڵگایە وابەستەیە بەرموزە دینییەکانەوە، وابەستەیە بەرموزە سیاسییەکانەوە خۆ لە کۆمەڵگەی فەرەنساشدا (دیگوڵ) یەکێکە لە رەمزەکان لە حەملەی ئینتخابییدا بەکاردەهێنرێ. بۆیە ناکرێ ئێمە موخالیف بین بەبەکارهێنانی رەمزەکان، بەڵام چۆن بەکاردەهێنرێ چەند ساویلکانە بەکاردەهێنرێ، چەند جوانتر بەکاردەهێنرێ، بۆ شێوەی بەکارهێنان من لەگەڵتام، هەندێ جار زۆر ناشیرین بەکاردەهێنرێن. سەیر دەکەین کاتێ ئایەتێکی قورئانی بەکاردەهێنرێ وەک ریکلامێکی سیاسی تەنانەت ئەگەر لەلایەنی حیزبێکی عەلمانییەوە بێت، شتەکە دیارە کە ئاراستەی کۆمەڵگایەکە، ئەم ئایەتەی قبوڵە گرنگترین مەسەلەیەک کە پێویستە مەسەلەی تایبەتی بۆ بکرێ و بەوردی لەلایەنەکانی بکۆڵرێتەوە، لەراستیدا هەڵەیەکی گەورەیە کە لەئەساسدا لەگەڵ ئیسلامی سیاسی هاوپەیمانییەتی سیاسی ئینتخابی کرا.

لەکوردستاندا، باشترین هەل بوو لەکوردستاندا کە حیزبە ئیسلامیەکان پێکەوە بەیەک لیست بێنە نێو هەڵبژاردنەوە بۆ ئەوەی قورساییان دەرکەوتایە ئەوەبوو ئەو بەرەیە لێکجیابکرێتەوە چونکە لە هەناوەوە یەکێ هەڵە گەورەکە لەوێدا بوو کە لە هاوپەیمانیەتیدا یەکگرتوو لەگەڵ پارتی و یەکیەتی بەشداربوون و ژمارەی کورسیەکانیان بۆ دیاریکرا، بۆیە ئەوانیش پێویستیان بەوە نەما دەنگ بدەن بەلیستی هاوپەیمانیی بەڵکو دەنگەکانیان دا بەکۆمەڵی ئیسلامی تا فراکسیۆنی ئیسلامی لەناو پەرلەمانی کوردستان گەورەتر بێ، هەر ئەمەش روویداو ئەو کورسییانەی کۆمەڵ وەری گرت، دروست دەنگ و کورسییە راستەقینەکەی یەکگرتووی ئیسلامین.

جارێکی دیکە ئەوەیە کە ئەم پرۆسەیە تەنیا پرۆسەیەکی ئینتخابی نەبوو وەک لە هەر

وڵاتێکدا دەکرێ ئەمە بریتیبوو لە شێوازێک لەشێوازەکانی سەلماندنی ئەم واقیعە نوێیەی کە لە عێراقدا هەیە، ئەم واقیعەش تەنیا لایەنێکی تەکنیکی هونەریانە نییە بۆ هەڵبژاردن بەقەدەر ئەوەی راگرتن و سەلماندنی تەجروبەیەک بوو لە بەرانبەر هەموو وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپاش، راوەستانیەتی لە بەرانبەر هەموو ئەو هێزانەی کە گرەویان لەسەر فەشەلی ئەم پرۆسەیە دەکرد..

**هاوژین مەلا ئەمین:**

هەموو دەزانین کە خاڵە لاوازەکانی ئەم پرۆسەیە دەگەڕێتەوە بۆچی؟ هەروەها ئەو بابەتەش کە کاک ئازا ئاماژەی بۆکرد، بابەتی ڕێژەی ئیسلامی سیاسیە و ئەو هاوپەیمانیەتەی کە کراو یەکگرتووی وەک حیزبێکی ئیسلامی تێدابوو، لەو ڕێگەیەدا یەکگرتوو زیرەکانە ئەو هەلە سیاسییەی قۆزتەوە نۆ کورسی بەدەست بهێنی لەگەڵ ئەوەشدا شەش کورسیشی لە ڕێگەی دیکەوە بەدەست هێنا، بێ گومان یەکگرتووی ئیسلامی ئەگەر ئەو هاوپەیمانیەتەی نەکردبا (٥ تا ٦) کورسی بەدەست نەدەهێنا، واتە (٥ تا ٦) کورسی ئینعکاسی واقیعی سیاسی ئەو حیزبەیە...

**ئاسۆ کەریم:**

بەنیسبەت رموزەوە، من پێم وایە رموزەکان هەموویان لەیەک ئاست نین، وایە کە بۆ دەنگدان رموزە نەتەوەییەکان کراونەتە رموزی حیزبی.. دەبێ رموزەکانیمان بەرز رابگرین لە ئاستی نەتەوەییدا، چونکە رموزی گەورەو مەزنمان هەیە کە لەنگداندا بۆ ریکلامی حیزبی بچووک دەکرێنەوە، دەکرا ئەم رموزانە بهێنرابانایە بۆ عەرزی پەرلەمانی عێراقی و بەرزیان راگرن.

**هاوژین مەلا ئەمین:**

وەک لە باسەکەشدا دەرئەکەوێ تارادەیەک لەگەڵ هەندێ لە تێبنییەکاندا تەبام بەخێرایی بەسەریاندا دەچمەوە، وەک ئەوەی کە کاک ئازا باسی کرد بەشداریکردن و بەشداری نەکردنی ئیسلامیەکان، هەق وابوو ئیسلامیەکان هەموویان پێکەوە بەلیستێک بەشداری هەڵبژاردنیان بکردایە، یان هەموویان لە دەرەوە بوونایە بۆ ئەوەی بکەوتنایە نێو مونافەسەیەکەوە، بەهەرحاڵ باس لەوتێبینیانە دەکەم کە زۆر بەلامەوە گرنگن، باسی ریکلام و رموزەکانی ریکلام، دەبێ ریکلام چۆن بکرێ.. ئەمە سەیە لەسەر رەمزی نەتەوەیی وبەکار نەهێنانی رەمزی نەتەوەیی، چونکە تەواوی کێشەکە لەم پرۆسەیەدا، بەبڕوای من صراعی رەمزەکانە صراعی وێنەکانە، صراعێکی هەقیقی نییە لە زەمینەی واقعیدا ئەم ململانێیە کە ئەزموون کرا ململانێیەکی تەواو ئایدۆلۆژیەو ناکۆمەڵایەتییە، هەر لێرەوەیە کە حیزبی سیاسی ئێمە پەنا دەبا بۆ رموزی سیاسی خۆی، پەنا دەبا بۆ زیندووکردنەوەی هەندێ کێشەی کۆن و پەنا دەبا بۆ شێوایێکی تەندروست لە ریکلام کردن بۆ دوارۆژی ئەم گەلە. ئەمە تەنیا فەوزا دروستکردنە، ریکلام کردن نییە، کێشەکە لەوێدایە ئێمە چۆن لە پرۆسەی هەڵبژارن تێ نەگەین، کەسێک یان لیستێک بۆچی خۆی ئەپاڵێوێ؟ ئەگەر حیزبێک خۆی لە مەحەکی کوردایەتی ئەدا لەگەڵ حیزبەکەی دیکە، ئەمە قبوڵە پرۆسەی دیموکراسی لە ئەساسدا پرۆسەی پرس پێکردن ئایدۆلۆژی و رەمزی حیزبێک یان لیستێک نییە حیزبە سیاسییەکانی ئێمە ئەگەر بەناو مونافەسەیەکی دیموکراسیدا بۆ دیموکراسیەت ریکلام بکەن پەنا نابەن بەر سەرمایە رەمزییەکانی خۆیان و پەنا نابەنە بەر دەستەواژە حەماسییەکانی خۆیان و پەنا نابەنە بەر کێشەو گرفتەکانی هەڵبژاردنی (٩٤) من ئەمەوێ بڵێم ئەوەی کە کراوە هەڵبژاردنێکی وێنەیی بووە و لەناو مەساحەیەکی وێنەیی، نەک هەڵبژاردنێکی

راستەقینە لەناو مەساحیەکی راستەقینەدا، ئەگینا ئەگەر لەنێو مەساحەیەکی راستەقینەدا هەڵبژاردن بکەی ئەولەویاتی ریکلامەکەت مەعلوم و روونە. پێویستە زمانی ریکلام کرن ئەوەندە جیاواز نەبێ لە حیزبێکەوە بۆ حیزبێکی تر، لەبەرئەوەی ئەم ریکلامە ئاراستەی یەک کۆمەڵگایە، لەلایەکی دیکەوە هێزەکانی ئێمە ئایا خۆیان ئەپاڵێون بۆ لایەنگرەکانی خۆیان یان خۆیان ئەپاڵێون بۆ زەمینەیەکی دیموکراسی و مەساحەیەکی دیموکراسی. ئەگەر حیزبەکان بۆ هەموو کۆمەڵگا خۆیان پالاوت ئیدی دەرخستنی بارەگاکانیان بۆ من بێ مانایە، قسەکردن لە رەمزەکانیان لەو ئاستەدا کە رەمزێکی حیزبییە شتێکی بێ مانایە بۆ من بۆیە بەلای منەوە ئەمانە ریکلام نین بەو مانایە کە موەجە نین بۆ هیچ کەسێ.

**ئازا حەسیب:**

بۆ ئەوەی تێ بینییەکەم روون کەمەوە، من قسە لەسەر رەمز ئەکەم و بەکارهێنانی لەناو کۆمەڵگایەکدا کە پڕە لە رەمزی جۆراوجۆر.. من لە دەرەوەی کۆمەڵگای خۆم تەماشای کۆمەڵگاکەی خۆم ناکەم، ناشمەوێ کۆمەڵگایەک هەبێ کە من تەمەنای دەکەم و وجودیشی نابێ، کۆمەڵگایەک هەیە بەو شێوەیەیە زۆر جیاوازە لەو کۆمەڵگایەی کەمن تەمەنای دەکەم، منیش تەمەنا ئەکەم کۆمەڵگایەک هەبێ نەبەسترابێ بەرەمزو موقەدەساتەوە.. ململانێی ئێمە نەگەیشتووەتە ئاستێک کە ململانێی خزمەتگوزاری و ئیداری بێت، حیزبەکانی ئێمە هێشتا ململانێیەکانی نێوانیان نەچووەتە ئەو ئاستە، بەڵکو ئەم ململانێیە هەڵگری کۆمەڵێ لە توخمەکانی رەمزیەت و حیزبییەت و ئەو شتانەیە. هەمیشە سامانێکی رەمزی حیزبی هەیە جێگیرە.. ئەم حیزبانە کە مونافەسە دەکەن، مونافەسە لەسەر ئەوە ناکەن لەلایەنگرانی حیزبەکانی دیکە دەنگ بۆ ئەم بدا شتی وانییە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ کەسبکردنی کۆمەڵێک لە خەڵک کە بێ لایەنن.

**هاوژین مەلا ئەمین:**

باسی ئەوە کرا، دیموکراسیەت بۆ ئێمە، دیموکراسیەت بۆ ئەوان چ مانایەکی هەیە؟ من زۆر پێم گوناهە ئاوا لە دیموکراسی تێ بگەین ئەم پرۆژەیە ئەمەریکا هێناویەتی بۆ ئێمە، دیموکراسی بەم مانایە ئەوەندەی سلعەیەکی تجارییە، ئەوەندە پرۆژەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نییە بۆ کۆمەڵگا. ئەم دیموکراسییە ئەوەندە شاڵاوێکی عەسکەریە، یان بەمانایەکی تر شاڵاوێکی بازرگانییە، ئەوەندەی خۆی لە خۆیدا هیچ قیمەت و مانایەکی دیکەی نییە.

پێویستە بەو ئاراستەیە قسە بکەین ک دیموکراسی بۆ ئێمە چییە؟ من هەرگیز پێم وا نییە کە قسە لەبێ لایەن دەکەم بەو مانایە قسە بکەم کە شوێنێک هەیە بێ لایەنە ئەسڵەن مەخلوقاتی بێ لایەن لەسەر ئەرزدا نییە، دەزگاو کەناڵی بێ لایەن نییە.. بەڵام چی حیساباتی ئەم لایەنداریە یەکلا دەکاتەوە، مەسەلەکە ئەمەیە... بەلامەوە ئاساییە گەر حیزبێک لە سەر دووکانێک دیواری کۆمپانیایەک یان باڵەخانەیەک بەکرێ بگرێ بۆ ریکلامەکانی، بەڵام دیوارەکان وەک بارەگاکانیان کە کاری خۆیان ئەوەیە بەهی خۆی بزانێ کێشەکە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانیشی گرتووەتەوە کە تەبیعەتی دیوارو بارەگاکانیان گرتووە. بۆچی کەناڵە TV و رادیۆکان کاریگەریان نەبوو. لەبەرئەوەی کەناڵەکان پێش هەڵبژاردن و پاش هەڵبژاردنیش هەر هی ئەو لیستەیە. ریکلام دەبێ چۆن بێ؟ جۆری لە ریکلام هەیە کە ریکلامی ئایدۆلۆژییە کە ئەمە بۆ کۆمەڵگای عێراقی بەگشتی رەنگە کاریگەرترین جۆری ریکلام دەرچێ، بەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵگای ئێمە مەشهورە بەئەبعادی ململانێی ئایدۆلۆژی. بۆ نموونە پارتی ئەیتوانی ریکلامێ وەرگرێ کە عاتیفەی یەزیدییەکان وەربگرێ بۆ خۆی، یان سود لەریکلامێ وەربگرێ کە عاتیفەی گەنجەکانیان

ژنەکان نەکێشێ بۆ خۆی، کێشەکە ئەوەیە حیزبی سیاسی ئێمە هیچ لەسەر ئەو ئەساسانە ریکلامی نەکردبوو.

**ئاسۆ کەریم:**

پێت وایە بۆ نموونە پارتی لەرێگەی راگەیاندنەکانی خۆیەوە بەخەڵکانی بێ لایەن ئەوانەی سۆزداری ئەون بەفکریان بهێنێتەوە کە لەو رۆژەدا هەڵبژاردن هەیە کەمتەرخەمی نەکەن چونکە دەزانێ ئەوە دەنگی ئەوە بۆ ئەوەی بەبیری بێنێتەوە.

**هاوژین مەلا ئەمین:**

تا ئەندازەیەکی زۆر راستە بەڵام ریکلام کردن یان پروپاگەندەکردن لە مەنتقێکی خۆیەوە زۆر فەرقی هەیە لە ریکلام کردن لەمەنتقی جیاوازییەوە.. فۆبیا تا ئەندازەیەکی زۆر تەحەکوم دەکا بەسەر ریکلامەکانی پارتی و یەکیەتیەوە و ئەتوانین بەسەدان نموونە لەسەر ئەمە بهێنینەوە هەروەها ئەتوانم بڵێم دیموکراسیەت کالآیەکی سەرمایەدارییە، واقیع و هەڵومەرجێکە ئیفرازێکی سەرمایەدارییە.. من هەرگیز ئەوە لەیاد ناکەم کە کۆمەڵگای ئێمە چۆن کۆمەڵگایەکە، کۆمەڵگای ئێمە چ ئالیەتێک ئینتماکانی تیا دابەش کردوو، چی قیمەتی هەیە تیایدا چی قیمەتی نییە تیایدا، بەڵام شوێنێکیش هەیە بە کەرەستەکانی خۆی بەئالیەتەکانی خۆی بەقیمەت و مەفاهیمەکانی خۆی، ئێمە ئەبێ بچینە ئەوێ و ئیشی تیا بکەین و ململانێی تیا بکەین، ئەو شتانە ململانێیەکان یەکلا دەکاتەوە. من وەک لیستێک دەبێ لەخۆم بپرسم خەڵک بۆ هەڵم ئەبژێرێ، مەسەلەیەکی تر زۆر جەوهەرییە ئەویش ئەوەیە کە ئەم کەسە چ سیستەمێکی سیاسی بەرپا دەکا، خزمەتگوزاری ئەم کەسە چییە؟ و ئەم کەسە لە خیلالی ئەم چوار ساڵە کە دەنگی پێ ئەدەی چیت بۆ بکا و چی نەکا... دواجار دێتە سەرئەوەی کە لەگەڵ ئەوەی ئەمانەش دەکا

ئیسلامییە یان یەزیدیە، ئەمانە تەحەکوم ناکەن... بەڵام کێشەی تر ئەوەیە کە ئێمە بەکەرەستەکانی شوێنێکی تر لە شوێنێکی تر زەمینەیەکی تر شەڕ ئەکەین ئەم ململانێیەی کە لە کوردستان دەکرێ ململانێیەکی دیموکراسی نییە و ئەسڵەن ئیش کردن نییە بەمەنتیقی ململانێی دیموکراسی.. هەر لە ئەساسەوە شتێ هەبوو کە تێکەڵکردنی هەڵبژاردنی کوردستان لەگەڵ هەڵبژاردنی عێراقیدا، من زۆر باش لەم گەمەیە تێ ئەگەم ئەم گەمەیە زۆر بێ مانایەو زۆر نا شەریفانەیە کە هەڵبژاردنی کوردستان و عێراق تێکەڵ بکەیت، ئەمانە هەموو کێشەن بەڵام موشکیلەکە ئەوەیە کە تۆ هیچ کەرەستەیەکت پێ نییە بۆ ئەوەی گەمەی پێ بکەی و لە ساحەکەشدا گەمە نازانی..